پارتی لیبرال دیموکراتی کوردستان

www.pldk.org

Liberal democrats of Kurdistan

## پەیامی دامەزراندنی پارتی لیبرال دیموکراتی کوردستان

## ئەی خۆشەویستان

هەرگیز نابێت لە یادمان بچێت کە کوردستان و نەتەوەی کوردستان تەنها بەشێک نین لە وڵاتە داگیرکەرەکانی خاکەکەمان، بەڵکو بەشێکن لە جیهان، بەشێکن لە هەموو گۆڕانێک و بەشێکن لە هەموو پێشکەوتنێک. چۆن بەشێک بوون لە ڕابووردوو، بەشێکیشن لە ئەمڕۆ و سبەینێ.
سەردەم گۆڕانی بەسەرداهات. سەردەمی نوێ مەرجەکانی جیاوازە، پێداویستەکانی جیاوازە. بۆیە ئەمرۆ پێویستیمان بە مۆدێرنکردنەوەی بزووتنەوەی رامیاریی کوردستانی هەیە. ئێمەش وەک گشت میللەتانی جیهان پێویستیمان بە گۆڕان هەیە، پێویستیمان بە بیرێکی نوێ هەیە، پێویستیمان بە ڕەوشتێکی رامیاریی، کۆمەڵایەتیی و ئابووریی نوێ هەیە، پێویستیمان بە پارتێکی سیاسی هەیە کە ئیفرازی ئەم سەردەمە نوێیە بێت. مادام ژینگە و پێداویست و ئامانجەکان گۆڕان، کواتە بێگومان پێویستیمان بە پارتێکی مۆدێرنی نوێ هەیە، کە کولتوریی سیاسیمان بگۆڕێت و سیستێمێکی کۆمەڵایەتی و رامیاری و ئابووری نوێ پێشکەشکات. سیستێمێک کە مرۆڤی کوردستانی فێری لیبرالییەت کات و ڕێگا بە کۆیلەیی بیر و لەش نەدات.
بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان و ناوچەکە و جیهان، داوا لە ڕۆشەنبیرانی کوردستانی دەکات، کە خۆیان کۆکەنەوە و بزوتنەوەیەکی رامیاریی ئەڵتەرناتیف پێشکەش بە مرۆڤی کوردستانی بکەن. پارتێکی ئەڵتەرناتیف کە لەسەرەتایەوە، خاوەن ستراتیژیەتێکی نەتەوەیی، و کۆمەڵایەتی و ئابووریی دیاربێت. پارتێک کە بێترس خەباتی رامیاری بکات بۆ کوردستانێکی ئازاد. خەبات بکات بۆ کوردستانێکی دیموکرات، کوردستانێکی لیبرال کە مرۆڤ تیایادا لە ژێر سایەی یاسادا ئازادانە بژی، ئازادانە بیربکاتەوە، و ئازادانە کاربکات.
بەڵێ، لەبەر ئەوەی رۆژ، رۆژی هەڵکردنی ئاڵای ڕێنێسانسی کوردستانییە، ڕێنێسانسێ کە مرۆڤی کوردستانی، هۆشمەندکات، و تەندروست کات، و دەوڵەمەند کات. ڕێنێسانسێ کە ئەنجامەکەی کوردستانێکی ئازاد و مرۆڤێکی شادومان بێت، پاش حەوت مانگ ئامادەکاریی و بەپێی فەرمایشەکانی کۆبوونەوەی ئۆکتۆبەری دەستەی دامەزرێنەر، رۆژی 2004/11/1 پارتی لیبرال دیموکراتی کوردستان دامەزرا.

## کوردستانێکی ئازادو هاوڵاتییەکی هۆشمەند و تەندروست و دەوڵەمەند

www.pldk.org
name@pldk.org

هەر بژین
ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی پارتی لیبرال دیموکراتی کوردستان